هەرێمی کوردستان - عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
نووسینگەی وەزیر

اقليم كوردستان - العراق
مجلس الوزراء
وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
مكتب الوزير

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Higher Education & Scientific Research

No: ژمارەی نهێنی: ١٠٥٦

Date: ڕێکەوت: ١٩/٩/2019-ی زایینی

نهێنی دەرکراوە
وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

## فەرمانی وەزاری

ئاماژە بە بڕگەی (4/ تەوەری سێیەم/ بڕیارەکانی کۆنووسی چوارەم) لە کۆنووسی کۆبوونەوەکانی (3) و (4) ی ئەنجومەنی وەزارەت کە لە ڕێکەوتی (2019/7/24) و (2019/8/21) ئەنجام درا.

**بڕیار درا بە:**

**یەکەم :** پێدانی نازناوی زانستی بە هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا ئەوانەی کۆنمرەی بەکالۆریۆسیان لە (60) کەمترە و لەسەر میلاکی دام و دەزگاکانی سەر بە وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستین، دوای دەستەبەرکردنی ئەو مەرجانەی خوارەوە:

1. بڵاوکردنەوەی (2) دوو توێژینەوەی زانستی لە گۆڤاری زانستی (مەحکەم) یان لە گۆڤاری زانستی نێودەوڵەتی، توێژینەوەکان وەرگیراو (مستل) نەبێت و لە دوای بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماستەر یان دکتۆرا ئەنجام درابێت، بەلایەنی کەم لە یەکێك لە توێژینەوەکان توێژەری یەکەم بێت.
2. پێنج ساڵ خزمەت بکەن لە زانکۆکانی دەرەوەی شارە گەورەکان.
3. ئەوانەی لەسەر میلاکی زانکۆکانی (سەلاحەددین- سلێمانی- دهۆك)ن دەبێت ڕاژەکانیان بگوازنەوە بۆ دەرەوەی ئەم (3) سێ زانکۆیە و لەگەڵ بوونی مەرجەکانی خاڵی (1) و (2).

**دووەم:** ڕێکخستنەوەی پێدانی پلەی نازناوی زانستی و دانانی میکانیزمێك بۆ پێدانی بڕوانامەیەکی دبلۆمی تایبەت بە پیشەی مامۆستای زانکۆ، بە ڕەچاو کردنی خولەکانی پێداگۆجی و ئەم کارەش لە چوار چێوەی ئینیستیوتی پەرەپێدانی ئەکادیمی ڕێکدەخرێت.

د.ئارام محەمەد قادر
وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

**وێنەیەک بۆ:**

- نووسینگەی جەنابی وەزیر/ لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی ڕاوێژکارانی جەنابی وەزیر/ بۆ زانین/ لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی گشت زانکۆکانی هەرێمی کوردستان/ نووسینگەی بەڕێز سەرۆکی زانکۆ/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای سەرپەرشتی و دڵنیایی جۆری/ بۆ زانین و کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت فەرمانگەکانی دیوانی وەزارەت/ بۆ کاری پێویست/ لەگەڵ ڕێزدا.
- دەرکردەی تایبەت.